# کورد تا لەچوارچێوەی عێراقدا بێت برا گچکەیە

## شاخەوان شۆڕش

لەگەلێ بۆنەدا سەرانی یەکێتی و پارتی پێدادەگرن لەسەر ئەوەی کەوا چیتر نابێ نەتەوەی کورد لەعێراقدا دەرەجە دوو بێت، یا عێراق وڵاتی دوو نەتەوەی سەرەکی کوردو عەرەبە، بەواتایەکی تر کورد لەعێراقدا کەمینە نییە، یا دەبێ هاونیشتیمانیەکانی کورد وەک هەر هاونیشتیمانیەکی دیکەی عێراقی لەمافەکاندا یەکسان بن. بەڵام بابزانین چۆن دەکرێ کورد دەرەجە دوو بێت یا نەبێت یا چۆن کورد ناتوانێ لەتەک نەتەوەی عەرەبدا نەتەوەی سەرەکی بێت، یا چۆن ناتوانێ لەدەسەڵاتدا لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا یەکسان بێت هتد.

پێویستە بگوترێ، ئەو شێوە گوتن و دەربڕینانە هەموویان بەشێوەیێ لەشێوەکان داپۆشەری یەکترن و لەیەک جۆگەلەی بڕوا و تێگەیشتن دەکەنەوە.
بەڵام ئایا لەعێراقدا کورد دەتوانێ لەتەک نەتەوەی عەرەبدا نەتەوەی سەرەکی بێت؟ ئایا ئەگەر ئەم گۆتەیە لە بەندێکی یا پەرەگرافێکی دەستوری عێراقیدا بنوسرێت و بچەسپێنرێت، چ واتایەکی هەیە؟ ئایا ئەمە واتای یەکسانکردنی نەتەوەی کوردە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب؟

سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەسەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لەکاتی کودەتاکەی کەریم قاسم بکەم، کە بۆ یەکەمینجار گوترا وڵاتی عێراق وڵاتی هەردوو نەتەوەکانی کورد و عەرەبە و گوایە لەدەستوری عێراقی ئەوسا ئەمە نووسراوە. من ئەم دەستورەی ئەوسام نەدیووە بۆیە نازانم ئەم گۆتەیە چەندی ڕاستە یا ئەم پەرەگرافە چۆن داڕێژراوە. گریمان ئەمە ڕاستە. ستاتی عێراق زۆرینەی بەڕێژەی زیاتر لە 70% لەسەدای عەرەبە و کورد لەنێوان 20–25% لەسەدای سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی عێراق پێک دەهێنێ، بۆیە کورد لەچوارچێوەی ستاتی عێراقدا کەمینەیە. لەعێراقی ئەوسادا پیادەی سیستەمێکی سەنترالیزمی دەکرا و دەسەڵات بێ ئەملاو ئەولا بەشێوەیەکی سەرەکی لەچنگی نەتەوەی باڵادەستی عەرەب کۆکرابۆوە، هەروەها کورد لەمافە ڕامیاری و کەلتوریەکاندا بەهیچ جۆرێک لەگەڵ عەرەبدا یەکسان نەبوو. گەر بهاتبایە شەڕ هەڵنەگیرسابایە و کورد مافی ئۆتۆنۆمیشی درابایێ، ئەوا نەتەوەی کورد هەر نەیدەتوانی لەدەسەڵاتدا لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا یەکسان بێت یا وەکو عەرەب ببێتە نەتەوەی سەرەکی و کەمینە نەبێت، بەڵکو دەیتوانی لەئاستێکی سنورداردا هاوبەش و بەشداری دەسەڵات بێت. بۆیە ئەم گۆتەیەی ئەوسا سەبارەت بە هاوبەشی کورد و عەرەب لەستاتی عێراقدا، لەپراکتیکدا و بەکردار جێبەجێ نەکرا و گەر لەدەستوریشدا نووسرابێت واتای یەکسانی لە دەسەڵاتدا ناگەیەنێ یا واتای ئەوە ناگەیەنێ کە نەتەوەی کورد نەتەوەی بەقەوارە ژمارە دوو یا کەمینە نییە. لەڕاستیدا ئەم گۆتەیە تەنها واتایەکی ڕامیاریانەی هەبووە و بەمەبەستێکی ڕامیارانەی تایبەت نووسراوە و واتاکەی بەچەوتی ڕوونکراوەتەوە یا خەڵک بەهەڵە تێی گەیشتووە. دیارە زۆری نەخایاند حکومەتەکەی ئەوسای عێراق بەربووە گیانی نەتەوەی کورد و بەپلە دووشی دانەنا.

لەم بارودۆخەی ئێستادا سەرانی یەکێتی و پارتی لەبەر ڕۆشنایی پۆلیتیکی عێراقچێتی و هەوڵیان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی فیدرالی لەعێراقدا بانگاشەی ئەم وتانەی کە لەسەرەوەدا هێمامان بۆیان کرد، دەکەن. گریمان حکومەتێکی دیموکراسی فیدرالی عێراقی دامەزرا، هەرێمی کوردستان بووە خاوەنی دەسەڵاتی فیدرالی خۆی و جگە لەدەسەڵاتەکانی نەوت، دارایی، بەرگری و دەرەوە سەربەخۆیی تەواوی هەبوو (گەر هاتوو سیستەمە فیدرالیەکە سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانی دارایی، بەرگری و دەرەوەی هەرێمی کوردستانی نەدایە کورد خۆی، وەک هەندێ شارەزا وای بۆ دەچن). ئایا لەم بارەدا نەتەوەی کورد وەکو نەتەوەی عەرەب نەتەوەی

سەرەکیە، ئایا کورد وەکو عەرەب ژمارە یەکە، ئایا کورد چۆن دەتوانێ لەدەسەلآتدا لەگەڵ عەرەبدا یەکسان بێت، ئایا هاوڵاتیانی کورد وەک عێراقییە عەرەبەکان لەمافەکانیاندا یەکسان دەبن؟

ئەم گۆتەیەی دەڵێ عێراق وڵاتی هەردوو نەتەوە سەرەکیەکانی کورد و عەرەبە. لەڕوانگەی گەوریی قەوارەی نەتەوەییەوە، وەکو گوتمان، نەتەوەی عەرەب نەتەوەی سەرەکی و ژمارە یەکە، واتە ئەوان زۆرینەن و نزیکەی سێ لەسەر چواری سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن. نەتەوەی کورد لەقەوارە گەورەییدا ژمارە دووە و دووەم نەتەوەی سەرەکییە کە نزیکەی 20–25% لەسەدای سەرجەمی ژمارەی دانیشتوان لەعێراقدا پێکدەهێنێ، بەم شێوەیە نەتەوەی کورد لەعێراقدا کەمینەیە. واتە لەڕوانگەی قەوارەوە، نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا یەکسان نییە و وڵاتی عێراقیش زیاتر هی عەرەبە نەک کورد، بۆیەش عێراق زیاتر و ڕاشکاوانەتر مۆرکی عەرەبی پێوە دەبێت. بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕستەیە بەمەبەستی پیشاندانی وەکویەکی و یەکسانی نەتەوەکانی کورد و عەرەب لەڕوانگەی قەواراوە، بەهەڵەدابردنی خەڵکە. بۆیە گەرهاتوو عەرەبە عێراقیەکان پەسندی ئەوەشیان کرد کە عێراق سەر بە نیشتیمانی عەرەبی نییە و ئەمە لەدەستوریشدا نووسرا، ئەوا دیسان عێراق بەڕاشکاوی و زیاتر بەلای نیشتیمانی عەرەبدایە نەک کورد، ئەمە ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە. بۆیەش بەئەگەری زۆر وڵاتانی دوور و نزیک وڵاتی عێراق زیاتر بەوڵاتێکی عەرەبی دەناسن نەک کورد.
ئەم گۆتەیەی کەدەڵێ، دەبێ نەتەوەی کورد وەک نەتەوەی عەرەب لە دەسەلآتی عێراقدا هاوبەش بێ، یا کورد نابێ ژمارە دوو بێت، واتە لەدەسەلآتدا یەکسان بن و وەکو عەرەب بتوانن هەموو دەسەلآتێک بگرنەدەست. ئەوەی پەیوەستدارە بە سەرتاسەری عێراقەوە و لەلایەنی قەوارەوە، ژمارەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا، بەگوێرەی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی کورد دەبێت، واتە ژمارەی نوێنەرانی کورد بەڕێژەی نزیکەی 25 % لەسەدای سەرجەمی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی دەبێت. پەرلەمانتارەکانی سەر بە نەتەوەی عەرەب زۆربەیەکی ڕاشکاوی پەرلەمانەکە بەڕێژەی زیاتر لە 70% لەسەدا دەبن، ئەمە وادەکات نەتەوەی عەرەب لەیەکلاکردنەوەی هەر بڕیارێک کەپەیوەندی بەهەموو عێراقەوە هەبێت باڵادەست بێت، بەمجۆرە پێناچێ نوێنەرانی کورد لەدەسەلآتی یاسادانادا کاریگەریەکی ئەوتۆیان ببێت. بەمشێوەیە بێدەسەلآتی نوێنەرانی کورد سەبارەت بەو بڕیارانەی کەپەیوەندیان بە دەسەلآتەکانی نەوت و دارایی، بەرگری و دەرەوە هەیە زیاتر دەکەونە بەرچاو. بەئەگەری زۆر گەلێ پێشنیار و بڕیار بەدڵی نوێنەرانی کورد نابن، چونکە بەئەگەری زۆر ڕەنگە بڕیارەکان زیاتر ڕەنگ لەویستی ناسیونالیستانەی عەرەبەکان بدەنەوە کە جودایە لەوەی کوردەکان. ئەمە دەکرێ ببێتەهۆی ئەوەی کوردەکان بکەونە سەنگەری عەرەبایەتی کردن و بەرگریکردن لەنیشتیمانی عەرەب و بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی عەرەب.
پۆستی وەزیرە کوردەکان بەهەمان شێوە بەگوێرەی ڕێژەی قەوارەی کورد لەعێراقدا دەبێت، واتە سێ لەسەر چواری پۆستەکان بۆ نەتەوەی عەرەب دەچێ، کورد ڕەنگە 25% لەسەدای پۆستەکانی وەزارەتی دەستکەوێت. بەئەگەری زۆر ڕەنگە لەکۆی 25 وەزیر پێنج تا حەفت وەزیر بەر کورد بکەوێت (گەر ژمارەی وەزیرەکان 25 بن). ڕەنگە جێگری وەزیر و پۆستەکانی دیکەش بەهەمان پێوەر دابنرێن. دیسان لەم پێکهاتەیەشدا واتە لەپۆستەکانی وەزارەتدا وەزیرەکانی سەر بە نەتەوەی عەرەب زۆرینەی پۆستەکانیان دەست دەکەوێ و باڵادەست دەبن. بەئەگەری زۆریش زۆربەی وەزارەتە گرنگەکان بۆ عەرەب دەچن، چونکە ئەوان زۆرینەن.

لەلایەنی یاساییەوە، لەئەگەری دروستبوونی عێراقێکی دیموکراسی فیدرالدا نەتەوەی کورد بەگوێرەی ڕێژەی خۆی مافی دەسەلآتی لەپۆستەکانی دەسەلآتی ناوەندی گشتی بۆ دیاردەکرێت، واتە چەندایەتی مافی بوونیان لەپەرلەمانی عێراقی و مافیان لەوەزارەتەکاندا. دیارە بەئەگەری زۆر یاسا ڕێگری کورد لەوەرگرتنی هیچ جۆرە پۆستێک نابێت، واتە هاوڵاتیانی کورد وەک هەر هاوڵاتیەکی دیکەی عێراقی مافی پۆستی سەرۆکی عێراقیان دەبێت. بەڵام ئەمە تەنها لایەنە تیئۆریەکە دەگرێتەوە، دیارە بەئەگەری زۆر لەپراکتیکدا و بەکردار وانابێت. چۆن؟ یەکەم؛ نەتەوەی عەرەب زۆرینەن و هەمیشە دەیانەوێ گرنگترین پۆستەکانی دەسەلآت بەدەست خۆیانەوە بێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەوان سوود لەخۆیان وەک زۆرینەی ڕاشکاو وەردەگرن و لەڕێگای یاسایی و

پۆلیتیکیەوە هەوڵی پێشگری مەترسیەکانی سەر بەرژەوەندیەکانیان دەدەن. بۆ ئەمە بۆ نەتەوەی زۆرینەی عەرەب گرنگە؟ لەبەرئەوەی لەلایەک ئەوان بەمشێوەیە چاکتر دەتوانن یەکێتی خاکی عێراق بپارێزن، لەلایەکی تر ئەوان بەمشێوەیە چاکتر دەتوانن نوێنەرایەتی نەتەوەی زۆرینەی عەرەب بکەن و وابەستەیی عێراق بەنیشتیمانی عەرەبەوە بپارێزن. دووەم؛ هەستی عەرەبایەتی و ناسیونالیزمی عەرەبی و هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانە و ناحەزانەی ناسیونالیزمی عەرەبی بەرامبەر بە کەمینەکانی عێراق هەروا بەئاسانی و بەجیاکردنەوەی عێراق لەنیشتیمانی عەرەبی (کە واپێناچێ ڕووبدات) و دیموکراتیزەکردنی عێراق واپێناچێ بتوانرێ کۆتایی پێ بهێنرێ، چونکە ناکۆکی نێوان عەرەب و کورد و کەمینەکانی تر مێژوویەکی دوور و درێژی خوێناوی هەیە و ئەگەری لەبیرکردنی ئەم مێژووە خوێناویە زۆر کەمە.

هەرچی پەیوەستدارە بە هەرێمی کوردستانەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەدەسەڵاتەکانی دارایی، بەرگری و دەرەوە، ئەوا بەئەگەری زۆر سەربەخۆیی تەواویان دەبێت (گەر حکومەتی فیدرالی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر بەدڵی نوێنەرانی کورد بێت). واتە تاڕادەیەکی دیار ئازاد و سەربەخۆ دەبێت، بەڵام سەربەخۆییەکی سنووردار و ناتەواو. بەمجۆرە ئەگەری ژمارە دوویی نەتەوەی کورد یا سەرەکی بوونی نەتەوەی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا پەیوەستدارە بە بەرزی و نزمی ئاستی دەسەڵاتی کورد لەپەرلەمانی فیدرالی عێراقی، بەرزی و نزمی ئاستی دەسەڵاتی کورد لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیدا و لەهەمووی گرنگتر بەرزی و نزمی ئاستی دەسەڵاتی کورد لە وەزارەتەکانی دارایی و بەرگری و دەرەوەدا، بەکورتی ئەگەری ژمارە دوویی نەتەوەی کورد پەیوەستدارە بە بەرزی و نزمی ئاستی دەسەڵاتی کورد لەسەر هەموو عێراقدا. بەواتایەکی دیکە نەتەوەی کورد سەربەخۆیی تەواوی نییە، کەمینەیە و بەمشێوەیە ژمارە دووە، بۆ ئەوەی کەمتر ژمارە دوو بێت و لە ستاتوسی نەتەوەی عەرەب نزیکتر بێتەوە، دەبێ هەوڵی دەسەڵاتی زیاتر لەو شوێنانەدا بدات کە لەئاستی عێراقی فیدرالدا لەدەست نەتەوەی زۆرینەی عەرەبدایە. دیارە پێشبینیەکی ناڕیالیستانەیە گەر چاوەڕوانی یەکسانی دەسەڵاتی نەتەوەی عەرەبی زۆرینە و نەتەوەی کوردی کەمینە لەم شوێنانەدا بکرێت.

بانگاشەکردن بۆ یەکسانی ماف و یەکسانی هاوڵاتی بوونی خەڵکی کوردستان لەتەک نەتەوەی عەرەب لەعێراقدا، واتە یەکسانی عێراقی بوون بەبوونی سیستەمێکی دیموکراسیانە کە تێیدا مافە گەردونیەکانی مرۆڤ بەرز ڕابگیرێن (مافە گەردونیەکانی مرۆڤ کەلەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان پەسند کراوە)، دەکرێ ڕێک وەک ئەوەی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ گونجاو و پەسندە لەدەستوری عێراقی فیدرالدا بچەسپێندرێ و بکرێتە یاسا. بەڵام دیسان ئەمە لایەنە تیئۆریەکە دەگرێتەوە، ڕەنگە بەکردەوە و لەپراکتیکدا هەرگیز نەتوانرێ بێتەدی. گەلێ هۆ هەن کەبنکۆری ئەم وەکویەکی و عێراقی بوونە دەکەن لەنێویاندا؛ یەکەم: بەهێزیی ناسیونالیزمی عەرەبی و ڕەگداکووتانی لەکۆمەڵگەی عەرەبی عێراقیدا مێژووەکی کۆنی هەیە، بۆیە ئەگەری وازهێنان لەناسنامەی عەرەبایەتی و گۆڕینی بەناسنامەیەکی تاڕدەیەک ناعەرەبی زۆر کەمە، ڕەنگە هەرگیز ڕوو نەدات. ئەمە جگەلەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی، عێراق بەوڵاتێکی جیانەکراوەی نیشتیمانی عەرەب دەزانێ و ڕەنگە گاڵتەی بەبۆچوونی دیکە سەبارەت بەناسنامەی نەتەوایەتی عێراقەوە هەبێت. لەلایەکی دیکە هەستی کوردایەتی و ناسیونالیزمی کوردی هەمیشە هەوڵی چەسپاندنی خۆی دەدات و ئاراستەیەکی دیاری بەلای نیشتیمانی کوردەوە دەبێت. دیارە ئەگەری گۆڕینەوەی کوردستانی بوون و کوردایەتی بە عێراقی بوون و عێراقچێتی وەک ناسنامەیەکی نوێ زۆر کەمە، ڕەنگە هەرگیز نەتوانرێ لەپراکتیکدا بەدی بێت. چونکە کورد لەلایەک نزیکەی سەدەو نیوێکە شۆڕشی چەکداری بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی خۆی بەکردەوە دەکات، ئەمە وادەکات تەنها بوونی خۆی لەناسنامەیەکی کوردانە و کوردستانیانەدا بدۆزێتەوە. لەلایەکی تر فاکتەری بوونی لەمێژینەی نیشتیمانی کورد، بە کۆمەڵێ داگیرکردن، پارچە پارچەکردن، کۆمەڵکوژی و ژنیۆساید بەدرێژایی مێژووی ڕابردوو نەتوانرا بگۆڕدرێ، لەمەودواش و لەسەردەمێکدا کەدیاردەکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ گرنگیان هەیە، واپێناچێ بتوانرێ بگۆڕدرێت. بەواتایەکی دیکە بوونی فاکتەرەکانی عەرەبایەتی و کوردایەتی لەبنچینەدا لەگەڵ داڕشتنی ناسنامەیەکی نوێدا نین و واشپێناچێ لەداهاتوودا یارمەتیدەربن. بەشێوەیەکی دیکە ناسیونالیزمی عەرەب،

عێراق بەهی خۆی واتە هی عەرەب دەزانێ و بۆ ئەم ئاراستەیەش کار دەکات، لەهەمان کاتدا ناسیونالیزمی کورد بەپێچەوانەی عەرەب، عێراق بەهی خۆی نازانێ و بۆ نیشتیمانێکی کوردی کاردەکات. دووەم: هەستی ناسیونالیستانەی عەرەبی زۆرینە و هەستی ناسیونالیستانەی کوردی کەمینە و کەمینەکانی تر بەئەگەری زۆر دەکرێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستانە و جوداکارانە. ململانێ و ناکۆکی لەنێوان عەرەب و کورد بەئەگەری زۆر درێژەی دەبێت، ئەم ململانێیەش بەئەگەری زۆر لەزۆربەی بوارەکانی دەسەڵات و بڕیاردان لەهەموو ئاستەکاندا خۆ دەخەنەڕوو. سێیەم: عەرەب بەهۆی زۆرینەیی خۆی دەسەڵاتی زیاتر و زاڵی لەدەزگا و دامەزراو و ئینستیتوسیۆنە جیاوازەکاندا دەبێ، ئەمە بەبێ ئەملاو ئەولا دەکرێ لەلایەن کەمینەکانەوە بەناڕەوا دابنرێ، دیارە لەکاتی هەبوونی دیاردەی ڕەگەزپەرستانە و جیاکارانەدا دەرزی جودایی نێوان ڕەگەز و گروپە ئێتنییە جیاجیاکان گەورەتر و دیارتر دەبێت، بەم شێوەیە هەر گروپێکی ئێتنی هانی گەڕانەوەی بۆ کۆمەڵگە ئۆرگینالەکەی خۆی دەدرێت، دەچێتەوە قاوغی ناسنامە خۆیەکیەکەی کە تێیدا بەدوای پشتگیری بۆ سکاڵا و چەرمەسەریەکانی دەگەڕێ، کە دەکرێ ئەنجامی مەترسیداری وەک ئاژاوە و یاخیبوونی لێ بکەوێتەوە. چوارەم: نەتەوەی زۆرینەی عەرەب لەلایەک لەدوای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە لەزۆربەی سەردەمەکاندا نەتەوەی باڵادەست بووە و نەتەوە و کەمینەکانی دیکە بەشێوەیێ لەشێوەکان لەژێر چنگی عەرەبدا بووین، لەلایەکی تر عەرەب و ئیسلام دوو ڕووی جیانەکراوەی ناسیونالیزمی عەرەبین، ئیسلام سەروەریەکی گەورەی بۆ نەتەوەی عەرەب دروستکردووە کە وایکردووە نەتەوەی عەرەب بەهێزتر و توندتر بەیەکەوەو بەنیشتیمانەکەیان ببەستێتەوە، ئەم دیاردە دوور و درێژە مێژووییە و سەروەرییە عەرەبی و ئیسلامیە بووەتە هۆی دروستکردنی کەلتوورێکی بەهێزی ناسیونالیستانەی عەرەبی، کەتێیدا باڵادەستی نەتەوەی عەرەب و بەها نەتەوایەتی و ئایینیەکانی عەرەب بەرز ڕادەگیرێن. ئەم کەلتوورە بەهێزە عەرەبیە، واپێناچێ بیەوێ ملکەچی ناسنامەیەکی تاڕادەیەک ناعەرەبی بێت و بیەوێ خۆی لەنیشتیمانی عەرەبی جیاکاتەوە، یا بیەوێ لەپلەو پایەی خۆی هەروا بەئاسانی دابەزێ. بەمجۆرە ئەم کەلتوورە وەک داینەمۆیەکی ناوەکی و دەروونی بەهێز، نەتەوەی زۆرینەی عەرەب بەلای باڵادەستی و شکۆداریە ڕەگەزیەکەیدا ڕادەکێشێ.

لەبارێکدا گەرهاتوو ئەم پێشبینیانەی باسکران وا دەرنەچوون و هیچ کێشەیەکی نەتەوایەتی و ئێتنی ڕوویان نەدا و سیستەمێکی دیموکراسی نموونەیی و بێخەوش هاتەکایەوە، لەم بارەدا بانگاشەکردن بۆ یەکسانی، وەکویەکی هاوڵاتی بوون یا ئەو گۆتەیەی دەڵێ: "هەموومان عێراقین و لەمافەکاندا یەکسانین"، بەئەگەری زۆر بەقازانجی نەتەوەی زۆرینەی عەرەب لەئەنجامدا تەواو دەبێت. بەم پێیە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب ئازادیان لەجولان و بازرگانی کردن، ئازادیان لە کڕین و فرۆشتن، ئازادیان لە نیشتەجێبوون لەهەر کوێیەکدا بێت، دەبێت. لەبازرگانی و کڕین و فرۆشتندا بەئەگەری زۆر نەتەوەی عەرەب باڵا دەست دەبێ، چونکە ئەوان دەوڵەمەند و بازرگانی زیاتر و بەتواناتریان لەڕووی سەرمایەوە واپێدەچێ تێدابێ، بۆیەش نەک تەنها لەئێراقدا بەڵکو لەکوردستانیشدا دەتوانن وابکەن لەبازاڕی بازرگانیدا باڵا دەست بن و کوردەکەش بکەوێتە ژێر فەرمانی بازاڕی ئەوان. جیهانگیری و سیستەمی بازاڕی ئازاد بۆ دروستبوونی ئەم دیاردەیە تەواو یارمەتیدەرە، کەدەکرێ لەهەندێ باردا زۆر نابەرابەر بکەونە بەرچاو. دیارە جیهانگیری و بازاڕی ئازاد لەگەلێ شوێنی جیهاندا نابەرابەریان دروست کردووە.

ئازادی هاوڵاتیانی عێراقی لە نیشتەجێبووندا، وادەکات نەتەوەی عەرەب ئازاد دەبێ لەوەی لەهەر کوێیەکی کوردستان جێنیش بێت، بەهەمان شێوە کورد ئازاد دەبێ لەوەی لەکوێی ناوەڕاست و خوارووی ئێراق جێنیش بێت. لەهەردوو باردا نەتەوەی کەمینەی کورد زیانی پێ دەگات. چوونی کورد و جێنیشبوونی لەشارە عەرەبیە عێراقیەکاندا، یەکەم؛ کەمبوونەوەی کوردە لەکوردستاندا، دووەم؛ بەئەگەری زۆر توانەوەیەتی لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا، گەر مانەوەکەی درێژخایەن بێت. هاتنی عەرەب و نیشتەجێ بوونیان لەناوچەکانی کوردستاندا واتای زۆرتربوونی دانیشتوانانی عەرەبە لەکوردستاندا، ئەمە ڕەنگە لەشارێکی بۆ نموونە وەک سلێمانی بەهەند دانەندرێ، بەڵام بەئەگەری زۆر دەبێتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە سنووریەکانی وەک مەندەلی، خانەقین، کەرکوک، مەخمور، موسڵ و شەنگار. واتە ئەوەی عەرەب نەیتوانی بەزۆر داگیری بکات، بەئاشتی و لەژێر ناوی "عێراق وڵاتی هەمووانە" دەستی بەسەردا دەگرێت. ئەو عەرەبانەی کەپۆلیتیکی بەعەرەبکردن بۆ

کەرکوک و ناوچەکانی دیکە هێناونی، مافی ئەوەیان دەبێ بمێننەوە و درێژە بەگوزەرانیان لەناوچە بەعەرەبکراوەکاندا بدەن.
دیارە بەهۆی هەبوونی ئەم مەترسیە، گەلێ کەس (منیش لەگەڵیاندا) بۆ پێشگرتنی ئەم دیاردەیە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە دەبێ لەم بارەیەوە یاسا دابنرێ و نابێ عەرەب مافی کڕینی خانوو و زەوی و بەمجۆرە مافی هەمیشە نیشتەجێبوونی لەکوردستاندا هەبێت (سەبارەت بەئازادی بازرگانی هیچم نەبیستووە، بەڵام پێویستە بەهەمان شێوە بیر لەو مەترسیە بکرێتەوە). بەیاسا پێشگرتنی ئەم مەترسییە یا مەترسی دیکە، خۆی لەخۆیدا دووپاتکردنەوەی ئەم ڕاستیەیە کەوا نەتەوەی کورد کەمینەیە لەعێراقدا و ترسی لاوازی و توانەوەی لەبۆتەی نەتەوەی زۆرینەدا هەیە. سنووردارکردنی یەکسانی یا یاسا دانان بۆ سنووردارکردنی یەکسانی واتای یەکسانییەکی ناتەواوە، بۆیە دووپاتکردنەوەی ئەم ڕاستیەیە کەوا نەتەوەی کورد و عەرەب لەئازادی هاوڵاتی بوونیاندا یەکسان نین و ناتوانن وەکویەک یەکسان بن گەر وەکویەک مافی ئازادیان نەبێت.

دیارە ڕەنگە کورد بتوانێ ژمارە دوو نەبێت، لەم بارەدا گەر نەتەوەی کورد ناسنامەی نەتەوایەتی خۆی لەکورد بوون و کوردستانی بوون بگۆڕێ بە عێراقی بوون، واتە بەکردەوەو بەئارەزووی خۆی چەمکی عێراقی بکاتە ناوی نەتەوەکەی، بەمجۆرە کار بۆ پێگەیاندنی ناسیۆنی عێراقی نوێ بکات. هەروەها هەرچی نۆرم و دابونەریتی کۆمەڵایەتی هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە تێکەڵی بکات و یەکی بخات، بەکورتی هەرچی بەهای ناسیۆنی کوردە بیگۆڕێ و بەعێراقی بکات، ئەو کاتە عێراقی و عێراقچێتی شوێنی کوردایەتی و کوردستانچێتی دەگرێتەوە، بەمشێوەیە و لەداهاتوودا تاکی کورد دەکرێ ببێتە عێراقیەکی بێخەوش. دیارە ڕوودانی دیاردەیەکی ئاوا ناڕیالیستانەیەو واپێناچێ تاکەکانی نەتەوەی کورد دەستبەرداری کوردبوونی خۆیان بن. وەکو گوترا نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی ڕابردووی خەباتی بۆ مانەوەی خۆی و پاراستنی ناسنامەی کوردانەی خۆی کردووە، بۆیەش بەئەگەری زۆر ئەم خەباتەی درێژەی دەبێت.
گەر سەیر بارودۆخی هەندێ لەم گروپە ئێتنیانەی یا نەتەوانەی کەبەشێوەیێ لەشێوەکان ناچاری ناو سنورێکی سەپێندراو کران و لەژێر ناوی سیستەمی "دیموکراسی"، ئازادی تاک و وەکو یەکی لەماف و دەسەڵات، ڕەوایەتی درایە ستاتە سەپێندراوەکە و نەتەوە سەر دەستەکە، دەبینین ئەگەرچی سیستەمی دیموکراسی لەئارادایە و تاکەکانی کۆمەڵ ئازادن و بەگوێرەی یاسا لەمافدا یەکسانن، بەڵام لەلایەک ئەمە بەکردار و لەپراکتیکدا وانییە، لەلایەکی دیکە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتیان نەکراوە و کێشە بەردەوامە. نمونەی ئەمەی گوتمان، هیندە سوورەکانی ئەمەریکا، باسکەکانی ئیسپانیا، کۆرسیکیەکانی فەرەنسا. دیارە ئەم وڵاتانە پەیرەوی سیستەمی دیموکراسی دەکەن و مافەکانی مرۆڤ تاڕادەیەکی زۆر بەرز ڕادەگیرێن، بەشێوەیەکی دیکە تاکەکانی ئەو وڵاتانە ئازادن و ڕێزیش لەئازادیان دەگیرێت. واتە تاکەکانی یا ئیندیڤیدەکانی سەربە هیندە سوورەکان، باسکەکان و کۆرسیکیەکان وەکو تاک و ئیندیڤید وەک هاوڵاتیەکانی دیکە ئازادن، بەئارەزووی خۆیان دەتوانن گەشت بکەن، بازرگانی بکەن، نیشتەجێ بن، وەک هاوڵاتیانی نەتەوەی سەردەست بەشداری پۆلیتیک بکەن، کەلتووری خۆیان پارێزگاری بکەن هتد. . بەڵام هەرکاتێ ویستیان ئەم "نۆرم و یاسا دیموکراسیە" گشتیەی وڵات ببەزێنن، ئەوا بەرەوڕووی پێشگرتن و سەرکوتکردن دەبنەوە. بەکورتی ئەوانە وەک تاک ئازادن و وەک هەر هاوڵاتیەک لەماف و ئەرکدا یەکسانن، بەڵام ئەوانە وەک کۆمەڵگەو نەتەوە ئازادیەکەیان سنووردارە و بۆیان نییە جیابنەوە و سەربەخۆبن. بەڵام ئایا ئەمە چارەسەرە یا چەوساندنەوەیە؟ ئەوانە گەر ناسیۆنەکەیان و ناسنامەی نەتەوایەتیان دۆڕاند با هەر وەکو تاک ئازاد بن! بۆ نموونە هیندێکی سوور دەتوانێ بەئاشکرا و لەسەر شەقامی پیادەی شارێکدا بەئارەزووی خۆی جوێن بە سەرۆکی ئەمەریکا بدات، بەڵام ئەو تازە ناسیۆن و خاکەکەی دۆڕاندووە، ئەوجا باهەر مافی ڕەخنە و جوێنی هەبێت! دیارە هیندە سوورەکانی ئەمەریکا هیچ ئومێدێکیان بەدامەزراندنی ستاتی سەربەخۆی خۆیان نەماوە و دەبێ پەسندی ئازادی تاک بکەن و وەک هەر ئەمەریکاییەکی تر سوود لەمافەکانی هاوڵاتی بوونیان وەرگرن، بەڵام ئەو برینەی کە لەدڵی تاکەکانی ئەوان دروستکرا ڕەنگە هەرگیز تیمار نەبێت. هیندە سوورەکان و ڕەشپێستەکانی ئەمەریکاش لەگەڵیاندا تائێستا چەندیان پۆستی سەرۆکایەتیان لەئەمەریکادا وەرگرتووە!؟ دەبێ تاچەند دەیەی دیکە

چاوەڕوان بن تا لەئەمەریکای "پێشڕەوی جەنگی دیموکراتیزەکردندا" بتوانن پۆستی سەرۆکایەتی وەرگرن؟ دەبێ تا چەند دەیەی دیکە چاوەڕوان بن تا بەکردەوە و لەپراکتیکدا چیتر ژمارە دوو نەبن؟ گومان لەوەدا نییە ئەو وڵاتانە پەیڕەوی سیستەمی دیموکراسیانە دەکەن، بەڵام سیستەمە دیموکراسیەکەیان بێخەوش نییە و ناتەواوی تیاییە، لەڕاستیدا سیستەمە دیموکراسیەکەیان خنکێنراوی ئەو جۆرە ناسیونالیزمەیە کەئەو وڵاتانە پەیڕەوی دەکەن. پاشان ئەو وڵاتانە بەتایبەتی فەرەنسا و ئەمەریکا کەبەلانکەی دیموکراسیەت دەناسرێن، دوای زیاتر لەدوو سەدەی سەرهەڵدانی دیموکراسیەت هێشتا لەکەمووکوڕی بێبەش نین. بۆیە گونجاوە بپرسین، دەبێ چەند سەدە چاوەڕوان بین تا عێراقێکی عەرەبی و ئیسلامی (کە ئیسلام لەبنەڕەتدا دژی زۆر لەبەها دیموکراسیەکانە) ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی پێرفێکت و بێخەوش. دەبێ بگوترێ، مەبەست لەو نموونە هێنانەوە ئەوە نییە کەوا چارەنووسی ناسیۆنی کورد وەک هیندە سوورەکانی ئەمەریکای لێدێت، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کەوا ئەوان بووینە قوربانی دیاردەکانی "مافی ئازادی تاک و مافی ئەمەریکایی بوون". مەبەست ئەوەیە، بەڕیالیزەبوونی ئازادی تاک و هاوڵاتی بوون یا هاونیشتیمانی بوون چارەسەری کێشە نەتەوایەتیەکان ناکرێت. شایانی باسە لەلایەن هەندێ کەس مافەکانی ئازادی تاک و هاونیشتیمانی بوون بە ئەڵتەرناتیڤی کوردایەتی دادەنرێن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەی گوترا دەتوانین بڵێین، گەرهاتوو حکومەتێکی دیموکراسی فیدرالی عێراقی دامەزرا و کورد بووە خاوەنی حکومەتێکی فیدرالی تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ، ئەوا لەم بارەشدا ناسیۆنی کورد لەچوارچێوەی وڵاتی عێراقدا لەلایەنی قەوارە و دەسەڵاتەوە ژمارە دووە و نەتەوەی سەرەکی عێراق نییە، بەمجۆرە لەئاستی عێراقدا لەپرۆسەی بڕیاردان بێدەسەڵاتە و شتێکی ئەوتۆی لەدەست نایێ. هەروەها لەلایەنی یەکسانی هاوڵاتی بوون و عێراقی بووندا، ئەگەر بەپێی یاسا و لەدەستوریشدا بچەسپێنرێ، بەدیهێنانی ئەم دیاردەیە بەکردەوە و لەپراکتیکدا زۆر دوورە، چونکە بەهاکانی فاکتەرەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی و ناسیونالیزمی کوردی گەر دژ نەبن یارمەتیدەرنین، ئەمە جگەلەوەی یەکسانی هاوڵاتی بوون و عێراقی بوون چارەسەری کێشەی کورد نییە. بەهەمان شێوە بەڕیالیزەکردنی ئازادی تاک، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی کورد ناکرێت. دیارە ڕێژەی براگچکەیی و پلەدووییەکەی کورد لەعێراقدا لەلایەک لەگەڵ ئاستی بەرزی و نزمی بوونی دیموکراسیەت لەعێراقدا دەگۆڕێت، لەلایەکی دیکە لەگەڵ بەرزی و نزمی ئاستی دەسەڵاتی کورد لەئاستی دەسەڵاتە ناوەندیەکانی حکومەتی فیدرالی عێراقدا دەگۆڕێت.
پێویستە بگوترێ، لەئەگەری دروستبوونی حکومەتێکی دیموکراسی عێراقی فیدرالیدا، کەتیایدا خەڵکی کوردستان ببنە خاوەنی حکومەتی فیدرالی سەربەخۆ و لەبڕیاری چارەنووسین ئازاد بکرێن و لەجیابوونەوە سەرپشک بکرێن، ئەوا بەئەگەری زۆر کورد جیادەبێتەوە و دەبێتە خاوەنی ستاتی سەربەخۆی خۆی، بەمجۆرە ناسیۆنی کورد تووشی ئەم کێشانەی کە لەمەوبەر باسکران نابێت. بۆیە ئەگەر ناسیۆنی کورد دەیەوێ ژمارە یەک بێت و نەتەوەی سەرەکی بێت و ئازادی تەواوی هەبێت، دەبێت خەبات بۆ جیابوونەوە لەعێراق بکات.

لەکۆتایدا ئەگەر بەچاوێکی ڕیالیستانە سەیری مێژووی عێراق بکەین، دەبینین بنەماکانی دیموکراسی، ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لەکۆمەڵگەی عێراقی عەرەبیدا هیچ شوێنێکیان نییە، واتە عێراق هیچ کەلتور و ترادیسیۆنێکی دیموکراسیانەی نەبووە و نییە، بەڵکو عێراق خاوەنی کەلتور و ترادیسیۆنێکی داپلۆسێنەرانە و دیکتاتۆریانەی ئایین ئامێزی ڕەگەزپەرستانەی شۆڤینیانەیە. بۆیە ئەگەری دروستبوونی عێراقێکی دیموکراسی لەداهاتوویەکی نزیکدا کەمە و گونجاوە گەر مرۆ لەئاییندەی عێراق ڕەشبین بێ.

28 .8 .2003